www.kurdistannet.org
24-10-2006 19:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پیاوانی مەلا عەولای حەیاکی، بە سازی روونکردنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی، سەما دەکەن! ... سمکۆ**

تا ماوەیەک لەوەوپێش، هەم یەکێتی و هەم داروودەستەکەی عەبدوڵا حەسەنزادە حاشایان لەوە دەکرد کە یەکێتی نیشتمانی دەستی خستۆتە نێو کێشەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە هەموو شێوەیەیەک خۆیان لەو راستییە دەدزییەوە! بەڵام ئەوەی ئێستا بە روونی دەردەکەوێت، ئەوەیە کە یەکێتی نیشتمانی تاقەتی ئەوەی نەما لە پشت پەردە نهێنییە ماکیاولییەکانی عەبدوڵا حەسەنزادەدا خۆی بشارێتەوە و لە گەڵ ئەو روونکردنەوەیەدا بە ئاشکرا خۆی دەرخست و زمانی هەڕەشە و گوڕەشەی خۆی وەک جاری جاران خستەوە دەر!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان باش دەزانێت کە قوولەی قافی خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوەندە خۆڕاگر و بوێر و بەهێز و خاوەن ریشەیە، کە ئەوان میرولە ئاسا، ناتوانن پێیدا هەڵزنێن و ئەو هەموو هاشوو هووشەی ئازاد جوندیانی و خەڵکانی دیکەی ناوێت. یەکێتی نیشتمانی کە ئومێدی نەما جارێکی دیکە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بفرۆشێت بە ئاشکرا، ئێستا هاتووە لە رێگای چەند کەسێکی وەک مەلا عەولای حەسەنزادە و جەماعەتەکەیەوە فوازێک دروست بکات بۆ قلێشاندنی پەیکەرەی حیزبی دێموکرات و فرۆشتنی ئەو حیزبە بە کۆماری ئیسلامی ئێران! ئەوان بە ئاشکرا پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەفرۆشت و لەولاوە دەیانچپاند بە ماموستا عەبدوڵادا کە هیچ نییە هەر ئەم جارەیە، با کۆماری ئیسلامی ئێران لێمان تووڕە نەبێت!

ئەوان مەنسووری رەشە هەورامییان راست لە رۆژی رۆیشتن بۆ بەشداری لە پلینوومی کۆمیتە ناوەندیدا شەهید کرد! بۆ؟ چۆن؟ مەنسووری رەشە هەورامی یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە پێچەوانەی ماموستا عەبدوڵا بیری دەکردەوە. بۆ دەبێت هەر ئەو رۆژە شەهید بکرێت لە لایەن سیخوڕانی کۆماری ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانییەوە؟ ئازاد کە زۆر زۆر نزیک بوو لە مەلا عەولا و ئەو هەموو تیرۆرانەی پیلان بۆ دارشت و پاش ئەوەی لە لایەن کۆمیتە ئەمنییەتی حیزبەوە کە کاک چەکۆ رەحیمی بەرپرسی بوو، هەڵاتەوە بۆ ئێران هەر لەو رۆژەدا، کێ بوو؟ بۆ هەڵات؟ کێ ئاگاداری کردەوە کە بە پەلە هەڵبێ؟ ئەو ئازادە مەگەر هەر ئەوە نەبوو کە مرۆقی جێگای باوەڕی حەسەنزادە بوو؟ بێدەنگی مەلا عەولا لە شەهید کردنی رۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستی جەلالییەکان و ئیتلاعاتییەکان، بۆ؟

بێدەنگی بۆ؟ وەڵام نەدانەوە بۆ؟ شاردنەوە بۆ؟

ئێستا کە مەلا عەبدوڵا ئەو کێشەیە خستۆتە نێو حیزبی دێموکرات و بووە بە جاشی مام جەلال تاڵەبانی، مەبەست چییە؟ ئایا ئەوەی کە کاک چەکۆ رەحیمی باسی کردووە، کفرە؟ بۆ ماموستا و داروودەستەی ماموستا ئێستاش دەیانەوێت، رێبەرایەتی ئەوڕۆی حیزب ئەو شتانە بشارێتەوە؟! بۆ پێیان وایە کە بە قازانج نییە باسی ئەو شتانە بکەی؟! دونیایەکی زۆر سەیرە! بتکوژن و بۆت نەبێت باسی خۆت بکەی!

لە راستیدا ئێستا لە لای هەمووان روون بووەوە کە ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادە لە رێگای یەکێتی نیشتمانییەوە هەڕەشە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات! ئەوە لە خیانەت زیاتر هیچی دیکە نییە! بەڵام ئەوە دەبێت بزانن کە بە "کاسە هاوسێ" ناتوانن سەرکەوتوو بن! وەک کورد دەڵێت: بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە! بە هێنانی دەستی یەکێتی نیشتمانی بۆ نێو کێشە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکرات، دەستیکۆماری ئیسلامی ئێران هاتۆتە نێو ئەو کێشانە و لێرەدایە کە ئیدی روون دەبێتەوە کێ جاش و نۆکەری کۆماری ئیسلامییە!

www.kurdistannet.org
19:58 24-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە ئەوەندە لە بیری خۆیدایە کە ئامادەیە مێژووی 61 ساڵەی حیزبی دێموکرات بکاتە قوربانی مەکر و فێڵە گومانادوییەکانی خۆی و بۆ پەرش و بڵاوە پێکردنی ئەو حیزبە ئامادەیە هەموو کارێکی ناشایست و هەموو بێویژدانییەک بکات! ئەو هاتووە دەستی مام جەلالی هێناوەتە ناو کێشەکە کە تا دوێنی مام جەلال تێلی مەرقەدەکەی خومەینی ماچ دەکرد و بە دەوری میشێل ئەفلەق و حافز ئەسەددا سەمای دەکرد! مام جەلالێک کە دەیگووت: بۆ ئێمە شانازییە کە خوێنی پێشمەرگەی ئێمە و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێکەوە تێکەڵ بوونە! مام جەلالێک کە بەردەوام تیر و توانجی لە حیزبی دیموکرات داوە و بەردەوام لە سەرۆکەوە بگرە تا ئەندامانی پلە خواری حیزبی، بەکۆماری ئیسلامی ئێران فرۆشتووە، ئیستا چۆن دەتوانێت دڵسۆزی تۆ بێت، مەلا عەبدوڵا!؟
گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر لەوە وریاترن کە تۆی کاسە لێس و مێش ومەگەزانی دەورەبەرت بە جۆکیاندا بێنن و حیزبی دێموکرات بەرەو لاوازبوون بەرن! گەر ناتوانن خەبات بکەن، برۆن! بەسە ئیدی ئەو هەموو جاشێتییە بۆ جاشێکی وەک مام جەلال کە هەمووومان زۆر باشی دەناسین! ئەنگۆ خێنی شەهیدانتان بە فیڕۆ دا!
بەسە ئیدی! جارێکی دیکە جاش موجاهیدمان بۆ دروست مەکەن! بەسە خیانەت و جاشێتی!

سمکۆ!
2006 .10 .24